# ئافرەتـان هێمای ئـاشتەوایین

## ویژدان، ئەویینداری، میهرەبانی و روانگەی دایکانەی ئافرەت دەکرێت باشترین شارستانییەتی لەسەر بنیات بنرێت

ئەزموونەکانی جیهان ســەلماندوویەتی کە هیچ وڵاتێك بەبێ بەشداری ئافرەتان ناتوانێ خاوەن سیاسەتێکی راست و دروســت بێت کە بە شێوەیەکی گونجاو کاربکات، بەو دەرئەنجامەش گەیشتوون کە ئافرەتان زیاتر دەتوانن رێگە لە شــەڕ و توندوتیژی بگرن و تەنانەت بۆ پرۆســەکانی ئاشتەوایی لە دوای شــەڕیش ئەگەرچی لە ئاستێکی دیاریکراویشــدا بێت، پێویســتییان بە بەشــداریی کارای ئافرەتان دەبێت، بەڵام تا هەنووکە لە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بایەخیان بەو هاوکێشانە نەداوە لەڕووی عەمەلییەوە هەنگاوی ئەوتۆیان بۆ هەڵنەگرتووە.

■

### پەراوێزخستنی ئافرەت و دەسەڵاتی پیاو ئاگری شەڕەکانی بەردەوام کردووە

چالاکییەکانی ئافرەتان لە پێناوی ئاشتەواییدا مێژوویەکی دێرینیان هەیە، مارســی ١٩١٥ کاتێك شــەڕی یەکەمی جیهانی بۆ چەند مانگێك بەردەوام بوو، ژنانی سۆسیالیست لە بەرلیـــن کۆبوونەوە و (کلارا زتکیـــن) بە دەنگی بەرز داوای خەباتی لە پێناوی ئاشتیدا کرد.

لە سەدەی ١٩ی زایینی رۆماننووسی بەناوبانگ (بێرتا ڤۆن ساتنێر) لە کتێبی «مەرگی چەك»دا - ١٨٨٩ - بە توندی دژایەتی جەنگەکان دەکات. هەروەها (هەریت بیچەر ئێستۆ) نوســەری کتێبی «کۆخی مامە تــۆم» لە دژایەتیکردنی رەگەزپەرستی و چەوســانەوەدا بەناوبانگە. هەروەها دەکرێ ئاماژە بە رۆڵی (ئەلئانور رۆزڤۆڵت) سەرۆکی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بکەین کە لە تەشــکیلەی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ (کە لە ١٠ی ســێپتەمبەری ١٩٤٨ لە پاریس پەسەند کرا) جێدەستی دیارە. ئەو خاتوونە لە سەردەمی جۆن کنێدی (سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا)، سەرۆکی کۆمیسیۆنی پێگەی ژنان لە ئەمریکا بووە.

هەروەها ڤێرا بریتین V. Brittain لە رۆمانەکەیدا بە ناوی «وەســیەتنامەی گەنجی»، بە توندی شەڕی یەکەمی جیهانی دەخاتە ژێر پرسیار و ئیدانەی دەکات، ئەو خاتوونە هەمور ژیانی خۆی بۆ دژایەتیکردنی شەڕ و چەسپاندنی ئاشتی تەرخان کرد .

خانمی بێرتا ڤۆن ســاتنێر لە ســاڵی ١٩٠١ خەڵاتی ئاشتی نۆبــل ی وەرگرت و هاتا ســاڵی ١٩١٤ کە کۆچی دوایی کرد، سەرقاڵی ئامادەکارییەکانی سازادنی کۆنگرەی ئاشتی لە ڤیەنا بووە.



جین ئادامز ساڵی ١٩٣٠ پێش وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبـــڵ، لە راگەیەندراوێکیدا بۆ هەموو ســـەرۆك وڵاتانی جیهـــان، پێداگری ژنانی بۆ ئاشـــتەوایی دووپات کردەوە، یەکێك لە چالاکییە بەرچاوەکانیشی ئەوە بوو کە هەوڵی دا هـــەزار ئافرەت لە ١٢ وڵاتەوە لە (لاهای ) کۆببنەوە، هەتا جارێکی دی بانگەشەی ئاشتەوایی بکەن.

ســـاڵی ١٩٧٦ خەڵاتی ئاشـــتی نۆبڵ بـــە دوو ئافرەتی ئیرلەنـــدی (بێتی ویلیامز و مەرید کۆریگان) درا، کە ئەو دوو خانمە توانای ئەوەیان هەبوو، هەتا ٣٠ هەزار ئافرەتی کاتۆلیك و پرۆتستان بۆ خۆپیشاندانی ئاشتیخوازانە بێننە سەرشەقام و داکۆکی لە ئاشتەوایی بکەن.

دایکە تریزا کە لە ســـاڵی ١٩٧٩ خەڵاتی ئاشـــتی نۆبڵی وەرگرت، پێش مردنی ٣٧٠ ناوەندی بۆ وەرگرتنی هەژاران و خزمەتکردنیان دروستکرد.

ئالوا میردال، ســـاڵی ١٩٨٢ خەڵاتی ئاشـــتی نۆبلی پێ بەخشرا. ئەو کەســـایەتییە لە ساڵەکانی ١٩٦٦ تا ١٩٧٣ وەزیری داماڵینی دەوڵەت لـــە چەك بووە، ماوەیەکیش لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا سەرۆکی داماڵینی چەك بـــووە و هاریکاری زۆری وڵاتانی جیهانی سێهەمیشـــی کردووە.

لە ئافرەتانی دیکەی وەرگری خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ، دەکرێ ئامـــاژە بە (ئەمیلی گرین باڵچ)ـــی ئەمریکی ١٩٤٦، هەروەها (ئۆنگ سان سو کی ) لە میانمار ١٩٩١، (ریگۆ بێرتا مانشـــۆ ) لە گواتیمـــالا ١٩٩٢، (جوودی ویلیامز) ١٩٩٧،(د. شـــیرین عیبادی ) لە ئێران٢٠٠٣، (وانگاری موتا مائاتا ) لە کنیا ٢٠٠٤ و مەلالە یوسفزای لە پاکستان ٢٠١٤ بکەین، کە مەلالەی پاکســـتانی تەنانەت سنووری تەمەنی یاساییشی تێپەڕاند.

### هەتا زیاتر ئافرەتان باڵادەست بن زیاتر ئاشتی سەقامگیر دەبێت

د. چنـــار ســـەعد وەك خانمە سیاســـەتکارێکی کورد و ئەندامـــی ئەنجومەنی ســـەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردســـتان، لە دەستپێکی قســـەکانیدا بۆ گوڵان، باسی ئەوەی کرد کە لە رووی بایۆلۆژییەوە لایەنی ســـۆزداری ئافرەت بەهێزترە لە پیاو، لەبەر ئەوەشـــە کە خەســـڵەتی دایکایەتـــی و پەروەردەکردنـــی منداڵی پێ بەخشـــراوە. گوتیشـــی: «ئەگەر تەماشای مێژوو بکەین، دەبینین بە درێـــژای مێژوو ئەو کاتانەی کە ژن لە کاری بەڕێوەبردن و ئیدارییەوە دوور بووە، توندوتیژی و جەنگ و ماڵوێرانی باڵی بەســـەر ژیاندا کێشـــاوە، واتا تـــا کاتێك ژن هیچ پێگەیەکی ئیداری نەبێت و لەدەسەڵاتی بڕیارەوە دووربێت، توندوتیژی و پەشێوی و شـــەڕ ماڵوێرانی بڵاو دەبێتەوە، بەڵام ئەوکاتەی کـــە پێگەی ژن دەرکەوتەوە و ژن و پیاو بە شـــەراکەت کۆمەڵگە بەڕێوەدەبـــەن، بەتایبەتی دوای دروستبوونی شـــەراکەتی راستەقینەی ژنان لە دەسەڵاتی بەڕێوەبردندا لـــە دوای جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان، جەنگ و توندوتیژییەکانی بەرەو کەمبوونەوە چوون».

د. چنـــار جەخت لـــەوە دەکاتەوە کە ئەگـــەر ئافرەت لە ئیدارەکردنـــی وڵاتانـــی جیهاندا بەشـــداری پێ بکرێت، ئەوکاتە ئاشـــتیش ســـەقامێگردەبێت، ئەوەشـــی دووپات کردەوە کە «هەتا زیاتر ئافرەتان باڵادەســـت بن، ئاشـــتی زیاتر ســـەقامگیر دەبێت، چونکە هەمیشـــە ئافرەت وەك دایـــك بیر دەکاتەوە و نایەوێـــت رۆڵەکەی بکاتە قوربانی بۆیە دژی هەمـــوو پەشـــێوی و نائارامییەکە و هەوڵی ئاشـــتەوایی دەدات». گوتیشـــی: «لە کوردســـتانیش ئافرەتان بەهەمان شـــێوەی جیهان دەتوانن ببنە هەڵگری مەشخەڵی ئاشـــتی و بە هاوبەشیی پیاوە ئاشتیخوازەکان داوای ئاشـــتی بکەن»، نموونەشی بە رووداوەکانی ١٧ی شوبات هێناوە کە دۆخێکی سیاسیی ئاڵۆزی لە هەرێمی کوردستان دروســـتکرد، هەر لەو بارەیەوە گوتی: «دوای رووداوەکانی ١٧ی شـــوبات، ئەوکات ئێمە بە هاوبەشیی ژنانی حزبە سیاســـییەکانی دەســـەڵات و ئۆپۆزســـیۆن کەوتینە دروســـتکردنی جۆرە هاوبەشیەك بۆ ئەوەی شەڕ و نائارامی کەم بکەینەوە، بەســـەردانی کردنمان بۆ لای هەمـــوو لایەنەکانیش توانیمان تا رادەیەك کەشـــەکە ئارام بکەینەوە». گوتیشـــی: «ئێمە پرۆگرامێکی تایبەتمان بۆ نزیککردنەوەی ســـەرجەم لایەنەکانی کوردستان ئامادە کردووە، بەتایبەتی لە ئێستادا کە شەڕی داعش لە ناوچەکە گرفتی زۆری بەرهەمهێناوە، هەســـتاین بە دروستکردنی رێککەوتنێك لەنێوان ســـەرجەم لایەن و پارتە سیاسییەکان و خەریکی دارشتنی ناوەڕۆکی ئەو رێککەوتنەین لە ژێر ناونیشانی (بەڵێننامەی نیشتمانی )، ئەم رێککەوتنە نەك لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەڵکوو لە نێوان هەموو حزبەکاندایە و ئەمەش نیشـــانەی ئەوەیە کە ئێمەی ئافرەت هەمیشـــە بە دوای ئەوەوەین ئاشتی سەقامگیر بێت و شەڕ و ئاشووب نەهێڵین و دژی دروســـتبوونەوەی توندوتیژی وگرژی لە هەموو شوێنێکی جیهاندا دەوەستین .

توێژەری کۆمەڵایەتی شـــادان وەستا ساڵح، سەبارەت بە هەمان پرس بۆ گوڵان دێتە ئاخافتن و دەڵێت: «بێگومان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ژنان هەمیشە بۆ دروستکردنی ئاشتەوایی لەســـەر ئاستی کۆمەڵایەتی رۆڵ و پێگەی تایبەتیـــان هەبووە». ئەو توێـــژەرە رایوایە «ئافرەت بە رەچەڵـــەك حەز بە ئاشـــتی دەکات و دژی توندوتیژییە، چونکە ئافرەت خۆی لە خۆیدا کائینێکی ئاشتیخوازە و لە رووی هەست و سۆزیشـــەزە، زۆر لە پیاو بەسۆزترن، ئەمەش وایکردووە کە هەمیشـــە حەز بە ئاشتی بکەن و هەرگیز نەبنە پۆپی ململانێیەکان»، گوتیشی: «ئەگەر ئافرەتان بە باکگراوندێکی بەهێزەوە لە مەیدانی ململانێ سیاســـییەکاندا رۆڵ ببینن، ئەوا بێگومان جێدەستیان بە

**لە کوردستانیش ئافرەتان بەهەمان شێوەی جیهان دەتوانن ببنە هەڵگری مەشخەڵی ئاشتی و بە هاوبەشیی پیاوە ئاشتیخوازەکان داوای ئاشتی بکەن**

**شادان وەستا ساڵح: ئافرەت کائینێکی ئاشتیخوازە و لە رووی هەست و سۆزیشەزە زۆر لە پیاو بەسۆزترە، ئەمەش وایکردووە هەرگیز نەبنە پۆپی ململانێیەکان و هەمیشە حەز بە ئاشتی بکەن**

**رێناس عەلی: ئافرەت خۆی لە خۆیدا کائینێکی نەرم و نیانە و هەمیشە دەیەوێت بە شێوەیەکی هێمن و نەرم و نیان کار بکات و حەزی لە ئاشتی و دژی جەنگ و توندوتیژییە**



شێوەیەکی کاریگەر لەسەر هەموو جومگەکانی ژیان دیار دەبێت، بۆ ئەمەش پێویستە ئافرەتان بەدەر لە ئینتیما و لایەنگیری و بەرژەوەندپەرستی ئەو کارانە بکەن».

ئەو توێژەرە بە پێویستی دەزانێت ئافرەتان رۆڵی راستەقینەی خۆیان لە بواری گەشەکردنی ئاشتەوایی لە کۆمەڵگەدا بگێڕن، گوتیشی: «هەر چەندە بەدیهێنانی ئاشتەوایی لەسەرجەم جیهاندا یەکێکە لە کارە هەرە گرانەکان، بەتایبەتی لە ئێستادا، چونکە رۆڵ و پێگە جوانەکانی ئافرەتان فەرامۆش کراوە، بەڵام ئەگەر ئافرەتان بۆ بەدیهێنانی ئاشتەوایی کار بکەن، بێگومان لە کارەکانیاندا سەرکەوتوو دەبن، بەڵام بە مەرجێك لە گشت پرۆسە سیاسی، ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان رۆل ببینن و وەك دیکۆر بەکاریان نەهێنن».

هەر لەو بارەیەوە رێناس عەلی سەعید، کادیری لقی (٢٢) گەرمیان و چالاك کۆمەڵی مەدەنی، ئەوەی خستەڕوو کە «ئافرەت خۆی لە خۆیدا کائینێکی نەرم و نیانە و هەمیشە دەیەوێت بە شێوەیەکی هێمن و نەرم و نیان کار بکات و حەزی لە ئاشتی و دژی جەنگ و توندوتیژی بێت». گوتیشی: «ئافرەت هەمیشە حەز دەکات کۆمەڵگەیەك پەروەردە بکات، کە پڕ بێت لە ئاشتی و ئاوەدانی و دوور بێت لە توتدوتیژی و ئەمەش پێویستی بەوە هەیە، کە ئافرەت هەوڵی ئەوە بدات، زیاتر خۆی بە چەکی مەعریفی بەهێز بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت ببێتە کائینێکی بەهێز و بەرگری لە ژیانی خۆی و کۆمەڵگە بکات، خووی دایکانەو ئاشتیخوازیی ئافرەت وادەکات بە رێگەیەکی مەعریفی هانی تاکی کۆمەڵگە بدات، بۆ ئەوەی ئاشتیخواز بن».

رێناس جەختی لەوە کردەوە کە «ئەگەر ئافرەتان هەوڵی ئەوە بدەن کە بگەنە پۆستە باڵاکان، ئەوکات دەتوانن لە رێگەی پۆستەکەیانەوە زیاتر گرنگی بە ئاشتی و سەقامگیری بدەن، گوتیشی: «لە هەموو جیهاندا ئەو ئەزموونە هەیە کە ژنە سیاسییەکان زیاتر هەوڵی چەسپاندنی ئاشتی دەدەن، لەبەر ئەوەی ئەوەندەی ئافرەت رۆحی لێبوردەیی تێدایە، باوەڕناکەم پیاو هەیبێت، لەبەر ئەوەی ئافرەت لە پێناوی دایکایەتی و خۆشەویستی بۆ رۆڵەکانی زۆر شت دەکاتە قوربانی. ئافرەتانی کوردستانیش هەمیشە پێشەنگی ئاشتی بوون و دەتوانن پرۆسەی ئاشتەوایی جێبەجێبکەن».

# ئافرەتێک کە منداڵی نابێت، بەسەرهاتی خۆی بۆ گوڵان دەگێڕێتەوە

لەوانەیە نەزۆکی و دایکبوون دوو چەمکی زۆر لەیەکدی جیا بن، بەڵام دایکایەتی و نەزۆکی نەك هەر جیا نین، بگرە بە جاران بینراوە کە ئافرەتێکی نەزۆك زۆر بەرپرسیارانە دایکایەتی کردووە و، زۆریش سەرکەوتوو بووە لەپەروەردەکردنی چەندین منداڵدا کە هیچیان لە منداڵدانی ئەودا دروست نەبوون، ئەوەش مشتێکە لە خەروارێك و یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کائینێکە بە ناوی ئافرەت کەپڕە لە سۆز، ویژدان، ئەویندارى، میهرەبانی و فیداکاری کە هەردەم هەوێنی خۆشەویستی و بەردەوامبوونی ژیان بووە. ئافرەتێکی نەزۆك کە ساڵانێکە بە ویستی خۆی دایکایەتی بۆ منداڵەکانی خوشکەکەی کردووە، پەردە لەسەر ژیانی رابردووی هەڵدەداتەوە و نهێنییەکانی ژیانی بۆگوڵان دەخاتەڕوو، تەنیا داواکاریشی ئەوەیە کارێکی بۆ بدۆزرێتەوە و لە کرێچێتی رزگاری بکەن.

گوڵچین ناوی خوازراوی ئافرەتێکی تەمەن ٤٦ ساڵ و خوێندەوارە کە ناونیشان و شوێنی ژیان و تەنانەت ژمارەی مۆبایلی لە لای گوڵان پارێزراوە. گوڵچین و خوشکە بچووکەکەی هاوسەری دوو برابوون، وەك خۆی باسیدەکات، لەپاش کۆڕەوەکە و ئاوارەبوونیان و گەڕانەوەیان لە ئێران، هاوسەری خوشکەکەی کۆچی دوایی کردووە و چوار منداڵی لە شوێن خۆی بەجێ هێشتووە. ئەو کات خوشکەکەی تەنیا ٢٤ ساڵی تەمەن بووە، سەرەڕای ئەوەی دایکی چوار منداڵیش بووە، بەڵام بە هۆی جوانییەکەی چەندین خوازبێنی هەبووە، گوڵچین و هاوسەرەکەشی هیچ منداڵێکیان نەبووە، خۆی گوتەنی «ئۆجاخ کوێر» بوون، بۆیە لەگەڵ هاوسەرەکەی بڕیار دەدەن پەروەردەکردنی ئەو چوار منداڵە بگرنە ئەستۆ، بەوەش رازی دەبن، خوشکەکەی شوو بکاتەوە. بەڵام هەر زوو هاوسەرەکەی خۆیشی بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی دەکات. ئەو بڕیارە قورسە بۆپەروەردەکردنی منداڵەکانی خوشکی لە دوای شووکردنەوەی دایکی منداڵەکان و لە دەستدانی هاوسەر و هاوبەشی ژیانی، گوڵچین تووشی قەدەرێکی پڕچەرمەسەری و بەرپرسیاریەتییەکی گران دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی دایکایەتییەکەی بە فیداکارییەکی زۆرەوە جێبەجێ دەکات. ئەو بەسەرهاتە پڕ ئازارە لەسەر زاری خودی گوڵچین دەخەینەڕوو:

«ئێمە بەچەند پشت دانیشتووی قەڵاتی هەولێر بووین، لە بەرەبابی خۆم، سێ خوشك و دوو برا بووین، تەنیا دوو خوشك ماینەوە،برایەکم چووە هەندەران و بۆ ساڵانێك هیچ هەواڵێکمان لێی نەبوو، برای گەورەشمان ماڵی جیا بوو، خوشکیشم جوانەمەرگ بوو، دواتر من لەپۆلی شەشی سەرەتایی وازم لە خوێندن هێنا،

قەدەر وابوو من و خوشکەکەم شوو بە دوو برا بکەین، خوشکەکەم هەموو ساڵێك منداڵێکی دەبوو، خوای گەورەش منی لە منداڵ بێبەش کرد و ئۆجاخمان کوێر بوو، لەگەڵ پیاوەکەم زۆرمان دکتۆر و شێخ و مەلایان کرد، سوودی نەبوو، کۆڕەوەکەی بەسەردا هات و ئاوارەی ئێران بووین، دوای راپەڕین گەڕاینەوە، دوو سێ ساڵی پێنەچوو هاوسەری خوشکەکەم کۆچی دوایی کرد و چوار منداڵی لە شوێن خۆی بەجێ هێشت. وەزعەکەش نەبوونی بوو، بێکاری و برسیەتییەکی زۆر هەبوو، خوشکەکەشم دەرەقەتی خەرجی چوار منداڵ نەدەهات، ئەو هێشتا زۆر گەنج و جوان بوو، تەمەنی ٢٤ ساڵ نەدەبوو، بۆیە سەرەڕای ئەوەی دایکی چوار منداڵ بوو، بەردەوام خوازبێنی دەهات، ناچار رێککەوتین لەگەڵ پیاوەکەم و بەوە رازی بووین خوشکم شوو بکاتەوە، منیش ببم بە دایکی منداڵەکان،

هەرگیز لەو بڕیارەم پەشیمان نیم کە شووم نەکردەوە و جوانی خۆم لە پێناوی بەخێوکردنی منداڵەکان قوربانی کرد، منداڵەکان بەرامبەر بە من زۆر بە ئەمەکن و تا ئێستاش ئەوان زیاتر من بە دایکی خۆیان دەزانن و زیاتر سەردانی من دەکەن، هەر ئەوەش هەموو ماندووبوونەکانم لە بیر دەباتەوە.

کێشەکانی من لەو کاتەوە زیاتر بوون کە پاڵپشت و پیاوی ماڵەکەم بەجێی هێشتم، ئەو هەمیشە دڵی دەدامەوە، باوکێکی باشیش بوو بۆ منداڵەکان، بەڵام لەپڕ تووشی جەڵتەی دڵ بوو، هەر کەگەیاندمانە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کرد. ئەو کۆچە ناوەختە من و منداڵەکانیشی



ماڵوێران کرد، جگە لەوەی لە سـۆزی ئەو بێبەش بووین، هیچ داهاتێکیشـمان نەما، چونکە ئەو فەرمانبەر نەبوو، هیچ مووچەیەکمان نەبوو، تەنانەت خانەنشینی، خوشکیشم هەر دەیتوانی بـە مێردو منداڵەکانی خۆی رابگات، ئیتر دەبـوا کار بکەم و بژیوی منداڵـەکان دابین بکەم، زۆرم کاری ماڵانم کـرد، تا دواتر بە هـەزار مەینەتی توانیم ببمە فەرمانبەر و کاری ئیـداری بکەم، ئەوە تا رادەیەك هیوای بۆگەڕاندینەوە، بەو مووچە کەمە، مەمرە و مەژی ژیانمان بەڕێوە دەچوو، بەڵام بەو ئاخرانە لە فەرمانگەکەم زۆر ململانێیان دەکردم، تەنانەت لە سـەر دەوام زۆر غەدرم لێدەکرا، لە هەموو هاوکارەکانـم زیاتر دەوامیان پێدەکردم، رێی هاتوچۆشم زۆر دوور بوو، موچەکەم نیوەی بە خەرجی هاتوچۆ دەچوو، ناچار خۆم خانەنشـین کرد، کچەکانیش گەورە بوون و بە مێردم دان، تەنیا کوڕێکم لە لا ماوە، کە ئەویش هەرچی لێی پاڕامەوە بە قسـەی نەکردم و وازی لە خوێندن هێنا.

دوای دابڕانێکـی زۆر لە خوشـکەکەم، ئەخیری ئەویش لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی هاتنە هەولێر و عەردێکیان کڕی و خانوویەکی ١٠٠ مەتری دووقاتیان دروسـتکرد، داوایان کرد من و کوڕەکەشـم بچینە لای ئەوان، هێندەیان گوت واز لە کرێچێتی بێنن، وەرن لە قاتی سەرەوە دانیشن، رازی بووین، بۆیە سـەرجەم ناوماڵەکـەم هەرزان فرۆش کـرد و چووینە ماڵی ئەوان، بەڵام کوڕەکەمان سـەرەتای گەنجێتییەتـی و تـازە چووەتە ناو تەمەنی ١٨ سـاڵ، لەگەڵ منداڵەکانی زڕبابی نەدەگونجا، ناچار بڕیارمان دا جارێکی دی بڕۆینە خانووی کرێ و سەرلە نوێ ناوماڵ دابنێینەوە، هەموو شتیشم بە قیست هێناوە و مووچەکەشم هەر بەشی کرێ خانوو دەکات، ناچار ماتۆڕێکی عەرەبانەم بـۆ کوڕکەم کڕیوە تا کاری پێبکات و خۆیشـم بە دوای کاردا دەگەڕێم».

گوڵچیـن زۆر لە نهێنییەکانی ژیانی بۆ گۆڤاری گوڵان خستەڕوو، لە کۆتایی قسەکانیشیدا جەختی لەوە کردەوە کە ئافرەتی کورد هەمیشە هێمای فیداکاری و قوربانیدان بووەو لەپێنـاوی پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵەکانی ئامادە بووە هەر جۆرە سـەختییەك قبووڵ بکات، بۆ ئەوەی ژیانێکی تەندروستیان هەبێت.